*Kongra Netewiya Kurdistan*
*Kurdistan National Congress*
*Congrès National du Kurdistan*

KNK

*Rue Jean Stas 41 1060 Bruxelles tel: 00 32 2 647 30 84 fax: 00 32 2 647 68 49*
*Homepage:* www.kongrakurdistan.com *e-mail:* knk@kongrakurdistan.com

# له یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکا بە بۆنەی بیست و هەشتەمینی ساڵرۆژی دامەزراندنیەوە . لەم بۆنەیەدا کۆنگرە خەباتی سەختی یەکێتی و قوربانی ئەندامان و پێشمەرگەکانی لە دژی رژێمی خوێنرێژی سەدام حوسێن و لە پێناوی وەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلی کوردا لەو بەشەی کوردستان بەرز دەنرخێنێ .

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ئەم هەلە بەدەرفەت دەزانێ بۆ ئەوەی جارێکی تر داوا لە هەموو هێزە سیاسییەکان کوردستان بکا بۆ ئەوەی یەکێتی ریزەکانی گەلی کورد بپارێزن و پەرە بە خەبات و چالاکی سیاسی بدەن بۆ جێگیرکردنی مافە رەواکان و دەسکەتەکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا کە کاردانەوەی ئەرێنی لە سەر رەوتی دۆزی کورد لە هەموو بەشەکانی تری کوردستاندا دەبێ .

سەرکەوتن بۆ خەباتی رەوای گەلی کوردستان .

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**برۆکسل** 1/ 6 / 2003